# مەلاو هاوكارەكانیان هاواریان كورتە

هیدایەت مەلا عەلی

ئیسلام باشترین ئامرازی سەركوت و قایمترین دیوارە بۆ هێشتنەوەی كۆمەڵگا لە دواكەوتووی و هەژاری و داماویدا ، ئیسلام و ئیسلامیەكان دەیانەوێت ئینسان تەنها ڕێگای مزگەوت فێربێت لەبری وردبوونەوە لەژیان و پەی بردن بە واقیع و دیاردە عەقڵگیرەكان ، ئیسلام و ئیسلامیەكان دەیانەوێت ئینسان تەنها كاتی نوێژو كاتی ڕۆژ و گرتن و شكاندنەكەی بزانێت لەبری ئەو دەسكەوتانەی كە جیهان و مرۆڤایەتی لەئەمرۆدا پێیگەشتووە ، كاتێكیش بە ناچار شتێك پیشان دەدەن یان باسی دەكەن ئەوا بەرگێكی خورافی دەكەن بە بەرداو دەڵێن ئەوە دیاری خوایە بۆ ئینسان لە ڕێگەی قورئانەوە ، دەڵێن سەتەلایت و هەموو ئەو ئامێرە پزیشكیانە لەگەڵ تەلەفون و دیسك و كۆمپیوتەر و كامێرای دیجیتاڵ قورئان نەبوایە بەرهەم نەدەهات ، ئیسلام و ئیسلامیەكان دەیانەوێت ئینسان وەك ( 1400 ) ساڵ لەمەوپێش بیربكاتەوەو دەڵێن تەنها بۆتان هەیە سەر ڕاوەشێنن و بەڵێمان بۆ بكەن ، نەك ڕەخنە بگرن و لێكۆڵینەوە ئەنجام بدەن و دەست بۆ سروشت و نهێنیەكانی گەردونبەرن و قسە لەسەر موقەدەسات بكەن و ڕاستییەكان ئاشكرا بكەن ، هەرچی لەسەر ئیسلام باس بكەین سەبارەت بە دژایەتی لەگەڵ ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەكانی ئینساندا هێشتر كەمە ، مێژوویان و ئێستایان لێوان لێوە لە تاوان و چەوساندنەوەی ئینسان ، هەموو بە چاوی خۆمان بینیمان موجاهیدەكانی ئەنسار ئیسلام لە( هەورامان )چۆن خەڵكی فەقیرو هەژاری ئەو ناوچەیان دەچەوساندەوە ، هەموو بینیمان( بزوتنەوەی ئیسلامی) چی بەخەڵكی هەڵەبجە كردو ، چۆن هەرچی خۆشی و ژیانێكی سادە هەیە كردیە خەو خەیاڵ لە ژیانی دانیشتوانەكەیدا ، هەموو بینیمان كە چۆن( یەكگرتوو) بەناوی مەدەنیەت و مۆدێرنبوونەوە ، بە بۆینباخ و ڕیشی قەلەمییەوە ، بەپارەو گۆشت و ئێسقان ئیرادەی ماڵە هەژارەكانیان دەكڕی و سەرپۆش و بیروباوەڕی ئیسلامیان بەسەر منداڵاندا فەرز دەكرد ، من بەچاوی خۆم بینیم لە ڕۆژێكی گەرمی ساڵی 1992 لەهەڵەبجە( عەلی باپیر) كوڕێكی لەبەردەم بارەگای( بزوتنەوەی ئیسلامی) ئەنجامدا ، بەشێك لە ئامادەبووانی كوڕەكە ژن بوون ، خۆزگەم بەو كەسەی ئەو ژنانەی نەبینی لە چ حاڵ و لە چ جێگایەكدا بوون ، كەتەنها بینینی ئەو سەنگەرەی ژنانی تێدا حەشار درابوو مەوقعیەتی ژنی نمایش دەكرد لەلای ئیسلام و ئیسلامیەكان ، لە پشتی چەند كۆمەڵە خۆڵێكەوە ، دوور لە چاوی ترسناكی پیاوان ، لە بەینی چەند چەرچەفێك و بەتانی هەڵواسراودا ، لەژێر عەبای ڕەشدا ، بە پاسەوانی ژمارەیەكی زۆر لە گیان لەسەر دەستەكانی( بزوتنەوەی ئیسلامی) ، هەموومان بینیمان كە چۆن ( زانایانی ئیسلام و فتوا دەرانی ئێستای نووسەران و ئازادیخوازان) لە كاتی شەڕی ناوخۆدا دەچوونە بەرە كانی شەڕو خوێنی كوڕی خەڵكی هەژار و برسی كوردوستانیان حەڵاڵ دەكرد ، ئیسلام و ئیسلامیەكان نەك ناتوانن قبوڵی ڕەخنەو بیروباوەڕی جیاواز بكەن ، بەڵكو نەیانتوانی تەحەمولی زنجیرە دۆبلاژ كراوی( ماریمار) بكەن و هەموو مەلاكانیان هاتنە دەنگ و تۆقیبوون لەوەی كە خەڵكی بەووردی چاودێریان دەكرد و سەیریان دەكرد ، هەموو بینیمان كە چۆن( پەرلەمانتارە ئیسلامیەكان) بە هەردوو دەست دەنگیان دەدا بە پرۆژە یاسای پێشنیار كراوی ڕۆژنامەنووسی ، لە كاتێكدا تەواوی ئەو پرۆژەیە پاشماوەی دەسەڵاتە ڕەشەكەی (بەعسە) و دەیانەوێت بیسەپێننەوە بەسەر خەڵكی كوردوستاندا ، بۆیە ئەمانە كە ئەمە مێژوو كارو كردەوەیان بێت بێجگە سەركوت و بەرتەسككردنەوەی ئازادی و كزو كوێر كردنی خەڵكی كوردوستان چیتریان لێدەوەشێتەوە ، ئەگەر ئیسلامیەكان دەیانەوێت ئازادی بەرتەسكتر بكەنەوەو دەست و قەڵەمی ئازادیخوازان بشكێنن ، ئەوا ئێمەش دەڵێین ئازادییەك كەوا ئەمڕۆ هەیە لە كوردوستان بەهەر ئەندازەیەك بێت ، ئەوا بەرهەمی خەبات و تێكۆشانی ، نووسەرانی ئازادیخواز ، ئینساندۆستان ، شاعیر و هونەرمەندانی بەهەڵوێست ، كۆمونیست و پێشكەوتووخوازان و تەواوی خەڵكی كوردوستانە ، نەك خێرو سەدەقەی هیچ هێز و لایەنێك ، ئەگەر ئیسلامیەكان دەیانەوێت سەری ئارام ڕەشید و ئارام ڕەشیدەكان پانكەنەوە ئەوا ئێمەش دەڵێین دڵنیابن بەهەوڵ و خەباتی ئینسانە ئازادیخواز و یەكسانیخوازەكان ڕۆژگارێك دێت پەیكەری سەری ئارام ڕەشیدو ئارام ڕەشیدەكان

بەسەربەرزیەوە لە گەورەترین گۆڕەپانی کوردوستاندا دادەنرێت و گۆڕەپانەکەش ناو دەنرێت گۆڕەپانی ئازادی ، ئاشکرایە لەم هەوڵە تاسەر ئێسقان کۆنەپەرست و دژی ئازادییەدا ، دەسەڵاتدارانی کوردوستان وەک سروشتی چینایەتی خۆیان و بەرژەوەندیەک کەدەیانبەستێتەوە بە سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەوە ، پشتیوانی لە مەلاو پێشنیار و تاریکتر کردنی کوردوستان دەکەن ، بۆیە ئەرکی هەموومانە ئازادیخوازان ، ڕۆشنبیر و نووسەران ، ژنان و لاوان ، شاعیر و هونەرمەندان ، یەکسانیخوازان و ئینسانە دڵ پڕ لەهیواکان ، تەواوی بەرەی ژیانێکی ئینسانی و ژیانێکی باشتر لە پشتی یەکتر ڕاوەستین و وەڵامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مەلاو دەسەڵاتداران بدەینەوە .

hidayat_ malaali@yahoo.com

2008/ 6 / 11